# ئارەزووەکان

ئەحمەد دەشتی

ئەگەر لە هەر مرۆڤێك لەم جیهانەدا بپرسی و بلێی چیت گەرەکە لە ژیان دا؟ پێم وایە لە یەکەم وەلامی ئەم پرسیارە دا دەلێن ئاشتی و ئارامی و ئـازادی و ژیانێکی بەختەوەرانە لە ناو مال و حال و نیشتمانی خۆم دا کە سەربەست ڕەها بم و دوور لە ژێر دەستی و چەوساوەیی دالە نیشتمانی ئاوەدان و پێشکەوتوی خۆم دا ژیانم بەرمە سەرو لە گەل خزم و کەسان و یارو هەڤالانی خۆم دا سەربەرزانە بژییم و وەك هەموو مرۆڤێکی ئازادە خاوەنی هەموو مافە سروشتیەکانی میللی خۆبم و کەسێ نەتوانی کە زولم و زۆرداریم بە سەردا بسەپێنێ، دەیەوێ کە دوور بێ لە هەموو شەڕو شۆڕو هێرش و پەلامار دانێك، دوور بێ لە خاك وێرانی و خاپوور کردن و هەمووکوشت و کوشتاریك و وەلاتێکی سەر بەخۆ و ئازاد و ڕەهاو پێشکەوتو و پڕ لە شارستانیەتی هەبێتن، ئەم ئارەزووە پیرۆزەو ڕەوایە لە دل و دەروونی هەموو مرۆڤێك دا هەیە و بۆ خۆی ئارەزوویەکی سروشتی هەموو کەسێکە کە چۆن ئازادانە وەدونیا هاتووەو ئاواش سەربەستانە بژیت و دوور بێ لە هەموو زولم و زۆرداریەك و چەوساوەیی.

ئێمەی کوردی ئاوارەو دەربەدەریش کە سالەهای سالە ئەم ڕۆژگارە چەوت و نالەبارەو پڕ لە کارەساتە و نەهامەتیەکان و کوشت و کوشتار و خاپوور کردن و مال وێرانیمان بە دەستی داگیرکەران و جنایەتکارانی چەپەل و دڕندە دیوەوبە سەرمان دا سەپاوەو بە زۆری زۆرداری سەدان کارەساتیان بە سەرمان دا هێناوە و گەلێ لە مێژە والە ژێر چنگی زۆردارە ملهوڕ و دکتاتۆرەکان دا بەو پەڕی دڕندەییەوە ژیانێکی سەخت و بەبێ هەموو مافێکی خاك و میللیمان لە ناو مال و حالی خۆمان دا پڕ لە ڕەنج و ئازاران دا دەژین، یان لە دەربەدەری و ئاوارەیی دا بێ سەرو شوێن ژیان دەبەینە سەر و بە سەدان یارو هەڤال و دۆست و خزم و کەسانمان لێ ون کراون و کەس نازانێ کە چیان وەسەر هێناون و لە کوێ و چۆن زیندە بە چال کراون، ئێمەی کورد لەمێژە کە ئاسودەیی و دووری لە زولم وزۆرداری و چەوساوەییمان لەم ژیانەمان دانەدیوە، داگیرکەرانی کوردستانی خۆشەویستمان هەمیشە پەلاماریان داوین وکەس نازانێ کەبە سەدان هەزارانیان بەوپەڕی دڕندەییوە لێ شەهید کردووین، دایك و باوك و براو خوشك و کەسانمان ودۆست و یارو هەڤالانمان، بە هەزاران لاوی ژیان نەدیوی میللیمان چۆن لەناو زیندانە ڕەشەکانی پڕ لە زەبرو زەنگ وداپلۆسینەکان دا ، یاخۆد لە کامە چالە مەرگی نەمان دا ، یان لە کامە بیابانان دا ، یاخود لە کامە کارخانەکانی چەکی کیمیایی دڕندەکاندا یان لە کامە ئەنفال و هێرش و پەلاماری ئەو جنایەتکارانەدا بوون بە قوربانی تاقی کردنەوەی ئەو چەکە کیمیاییانەو کۆمەلکوژیانەی دکتاتۆرەکانی داگیرکەری کوردستان، کە ئەو زۆردارانە تەنانەت لە بۆردومانی چەکی کیمیایی بە خەردەل و سیانید و سارینیش بە سەر گەل و نیشتمانەکەمان دا درێغیان نەکردووە سەدان هەزاریان بەو چەکە کۆمەل کوژیانە لێ شەهید کردین و لە ئەنفالەکان و بە کۆمەل کوشتنەکان داوەك هەشت هەزار بارزانیەقارەمانەکانمان کە بە یەکجار لە ناو براننەیارانی کور ئەوەی کە توانیان و لە دەستیان هات بە سەریان هێناوین و هەتا ئەمڕۆش هەر ڕزگاریمان نەبووەو دوژمانی داگیرکەرو دەرەکی و بێگانە هەمیشە بیریان لەوە کردۆتە کە چۆن لە ناومان بەرن و بڕیاری جینۆسایدیان داوین و خاکیان لێ خاپوور و وێرانە کردووین و بە هەزاران گوندان بەسەر یەکا دا تەپاندووەو بە خاك یەکسانیان کردووە و تەنانەت دارو کانیاوو ڕوبارانیشیان لێ خنکاندین و هەرچی دارایی و سامان و بەرو بوومی وەلاتەکەشمان بوو بە تێکڕایی تالانیان کردو فەرهەنگ و کەلتوری میلی و دیرۆك و هەرچی کە لەم خاکەمان دا هەبووە هەموویان دزیوە و تەنیا زمانە شیرینەکەشیان لێ قەدەغە کردووین و گوندو خاك و شارو مالیان لێ تەعریب و تەتریك کردووین و کوردستانە ئازیزەکەیان بە دەردێ بردووە کەپێم وایە لەناو ئەم جیهانەدا زۆر بە دەگمەن گەلێکی وەك کورد پەیدا دەبێتن کە بەو هەموو ڕەنج و ئازارو میحنەتەیان برد بێتن.

دەبێ بە داخەوە ئەو بلێم هەروەك خانی نەمر دەبێژێ و دەلێت:

گەردێ هەبوایە مە ئیتفاقەك
ڤێکرابکرامە ئینقیادەك
ڕۆم و عەرەب و عەجەم تمامی
هەمیان ژمەڕا دەکرد غولامی

بەلێ، داخی گرانی خانی دیارەو بۆچی ئاوای فەرمووە؟دەبێ ئەو بلێم کە گەلێ لە کوردانیش هەن کە بۆ خۆیان ڕووی خۆیان ڕەش کردووە و بوونەتە دڕکی ڕێگەی سەربەرزی و سەربەخۆیی خۆیان و بە هەوەست و خواستی دوژمنان هەلپەڕیون وئێستاش هەر دەهۆل بۆ داگیرکەران

لیٚ دەدەن و بیٚ شەرمانە لە ئاوی نامەردان دا دەپەڕنەوەو بەکرێگیراوانی دوژمنانی ئەم گەلە هەژارو چەوساوەیەن و بەرامبەر بەخاك و نەتەوەکەیان هەردەم خیانەتیان کردووەو بە ڕووی ڕەش و گلاویانەوە لایان وایە نەبایەو نە بارانەو هەمیشە بزەیان بەو هەموو کارەسات و بەسەرهاتە تالەکانی گەلی خۆیان دیٚت و ئەوەی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری بیێن ڕەچاوی ناکەن و دەبنە هۆرەی داری ئازادی و ڕگاریمان و لە ڕیزی دوژمنانی گەلی خۆیان دا زۆر بیٚ شەرمانە هەرچی خەراپە بۆ گەلەکەی خۆیان ئەوا ئەنجامیان داوەو دەیدەن، جا چە بە دەست و یان بە هەست و یان بە قسەو یان بە پێنوسە ڕەش و ژەهراویەکانیانەوەبێن، ئەوانەی کە ویژدان و کەڕامەت و هەستی پاکی خۆیان فرۆشتووە لە هیچ کۆمەکیٚ بە دوژمنان و نەیارانی کورد دریٚغی ناکەن و بەو ڕەفتارو بەم خۆ فرۆشیەو کارەکانی دژ بە گەل و خاکیانەوە فیتەی سمێلییان دیێن، کە ئەمەش بۆ خۆی دەردیٚك و زامیٚکی قولی گەلی کوردەو دەتوانم بلیٚم هۆکاریٚکی هەرە مەزنی نەبوونی وەلاتیٚکی کوردەواریە و برینیٚکی قوولی دەروونی ئەم گەلە کوردەیە ، هەرچەندە تەمەنی ئەو جۆرە نامەردانە کورتەو هەموو ئەوانە ناویان دەکەویٚتە زبل دانی میٚژووی کوردو کوردستان و لە سەر شۆڕی و ڕوو ڕەشی بەولاوە چیتریان بۆ نامینیٚتەوە و هەتا هەتایە نەفرینیان لیٚ دەکریێن و هەر شکەستیش دەخۆن.

چەند سەربەرزیەو چەند گەورەن هەموو ئەوانەی کە لە هەموو کات و ڕۆژگاریٚك دا گەلی خۆیان هەمیشە لا ئەوەندە مەزنە کە هەرگیز ئامادە نین بستیٚك لە خاکی خۆیان بە هیچ شتیٚك بگۆڕنەوەو هەرگیز موساوەمە لە سەر کیٚشەی میللی خۆیان ناکەن و نیشتمانەکەی خۆیان لە هەموو شتیٚ لا پیرۆز ترەو لە ڕیٚگەی پاراستن وبوون و سەرکەوتنی کوردستانی خۆیان دا گیانیان دەکەن بە قوربانی کوردستانە شیرینەکەیان وهەتا دوا هەناسەیان لە ڕیٚگەی ڕزگاری و سەر بەخۆیی خاك و نەتەوەکەیاندا بە دەست و بەهەست و پیٚنوس وبیرو باوەڕی ڕاستەقینەی کوردایەتی وکردەوەکانیان خۆیان بەخت دەکەن، ئەمانەش ئەو شامیٚرو کەسانەن کە هەرگیز ناوی بەرزیان لە میٚژووی خاك و نەتەوەکەیان دا نامریٚت و بۆ هەتا هەتایە وەك کەسایەتیەکی نەمرو سەربەرز و ئازا یادیان دەکریٚتەوەو هەرگیز نامرن.

ئەگەر بیٚت و لە منیش بپرسن بلیٚن چیت گەرەکە لەم ژیانەت دا ئەوا زۆر بە سەر بەرزانەو ئەوین و خاك پەروەریەوە دەلیٚم کوردستانەکەم مەبەستە ، نیشتمانەکەی ڕووگەی ژیانم دەویێن کەڕزگار و سەربەخۆیێن و ئازادی و ڕەهایی خاك و نەتەوەکەی خۆم دەویٚت و دەمەویٚ منیش وەك گەلانی جیهان خاوەنی ئالاو پەرچەمی ڕەنگینی خۆم بم و کوردستانم و گەلی کوردیش لە ڕیزی گەلانی جیهان دا ئازادو سەربەخۆ و خاوەنی خاکی خۆی بیێن و دوور لە ژیٚر چنگی داگیرکەرە دڕندەکان و زۆرداران و چەوسیٚنەرەکانی ئەم ڕۆژگارانە بیێن، منیش نیشتامانی خۆم بەرەو پیٚشەوە بەرم و تەکنیك و تەکنۆلۆژیای کوردیش ڕوو لە ئاسمانان بکات و ئەستیٚرەی بەختەوەری گەلی کوردیش بۆ هەتا هەتایە هەل بیٚت و بدرەوشیٚتەوە ، خائین و مرۆ کوژو نەیارانی کوردیش بە تیٚکڕایی تەفرو تونا بن وکوردستانە بەهەشتەکەم هەمیشە ئاوەدان و دوور لە شەڕو شۆڕو مال ویٚرانی بیێن و دەلیٚم:

منیش مرۆم
ئارەزووی من سەربەخۆیی
گەلی کورد ڕزگاریەە
منیش مافی خۆمم دەویٚ
لە ناو لانەو هەواری خۆم
سەربەست بژیم و کۆیلە نەبم
کوردستام بۆ خۆم بیٚت و
لە زیٚدی خۆم سەر بەخۆم بم
نیشتمانی خۆم خۆش دەویٚو
کوردستانم ڕووگەی ژینمە
کوردستانم گشت ڕوانین و
هیوا بیرمەە
لە ڕیٚی کوردو هەواری خۆم
قوربان دەکەم

www.kurdistannet.org
25/06/2003 01:42

سەرو ماڵ و گیانی خۆم

زمانی کوردی

پەیڤی منە و زۆر شیرینە

خۆشم دەوێ وشەی کوردی

هەست وبیرو هیواو دینە

منیش خوێنم وەکو خوێنی

هەموو مرۆڤی

ئەم زەمینە ڕەنگی سورە

هیوای دڵم سەربەخۆیی و

ئاشتی بوون و

ڕزگار بوونی کوردستانە

من دەمەوێ ئازاد بژیم

ڕەها بژیم و

کوردستانی خۆم پێش بخەم

ئالای جوانی وەلاتی خۆم

لە سەر لوتکە و

بەرزاییەکان هەر سەربخەم

گشت زۆرداری و ستەمکاری

لە کوردســتان دوور بێتەوە

من دەمەوێ ئازاد بژیم

سەر بەخۆ بێ

کوردستانە شیرینەکەم

بە دل و بە گیان هەردەم دەلێم

بژی کورد و کوردستانم

بمرن هەموو نەیاران و

دوژمنانی کورد زمانم

بۆ هەمووئەوانەی کەڕاستیەکان چەواشــەدەکەن و هاودەمی دوژمنانی کوردو کوردستانن وفیتەی حەرام زادەیی دەچڕن

---

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.